# تێکەڵ و پێکەڵ

## پیاو لۆ خوای برێ

شوان غەمبار



### دیسان سوکەری

دختۆر فەحسی کردم گۆتی: چەندم پی گۆتی شوان پارێزی خۆت بکە!! مارکاول بە نەفسی خۆت ناویری؟ ئەو هەموو خواردنە چییە دەیخۆی؟ نەمگۆ برنجی مەخۆ؟ نەمگۆ شەکرۆکە و نەستەلەو کێک و بسکویت و پاقلاوەو شەربەتی مەخۆ.؟ ئەو هەموو دەرمانەم لۆ نووسی بەلاش و حەلاش..؟

گۆتم: بەخوای دختۆر لەوەتەی ئەتو پێت گۆتیمە قلە قەسپەکت چییە؟ بەزاری من نەکەتییە..

دووایی ئەمن ئەو خواردنانە هەر ناخۆم دختۆر گۆتی: کاکی من بەغەشیمم تێ مەگە- چەندم پی گۆتی: جغارەی تەرک کە..

گۆتم وەڵا لە ژیانم قومم لە جغەرەی نەداوە..

پیم گۆتی: مەشروبی تەرک کە دەبینم بە قەرابە دەخۆیەوە!! عەیبە ئەتوو گەورەی خۆ هەرزەکار نیت!؟..

گۆتم دختۆر: ئیستەغفیرەڵا لە ژیانم دەوم پێ نەکەتییە.. پیاوەکی نویژکەرم ئەمن و ئەو شتانە کوجا مەرحەبا!!

دختۆر گۆتی: کوڕی بابم ئەمن لۆتومە خۆ لۆخۆم نییە.. ئەمن زگم بە مندارەکانت دەسووتێ، دەرێم با هێتیم نەبن.. ئەمە لەو قسانە بووین.. برادەرەکی دختۆری کەجێی سمێری وەکی جامی سەیارەی دەبریقاوە هاتە ژووری.. پاش ئەوەی بە سەلییە یەکتریان دایە بەرماچان.. کابرا ڕووی لە دختۆری کردو گۆتی: دختۆر لەگەڵ نەخۆشیەکەت کووی!!؟ دختۆر بە پیکەنینەوە گۆتی: برێ نەخۆشییەکان- کیهان دەرێی زەخت- جیوب- سوکەری- قورعە- کۆڵۆن..

کابرا گۆتی: مەقسەدم سوکەرییە، دختۆر گۆتی: ئەلحەمدوللا باشم باش لە ٤٥٠ی هاتیە سەر ٣٢٠ی نیعمەتی خوایە، کابرا قاقا پێدەکەنی و گۆتی: ئەوەیە دەێن دختۆر بەخۆی نەخۆش بوو، چارەی خەڵکی دەکرد!




## ژێرکاتێر



# چێشتی مجێور



## نوکتەی سەفەری

* لە تورکمانەکیان پرسی؟ئێوە چ بەو مەسەلە کوردیە دەڵێن،کە وتویانە (گولە بەتاریکیەوە مەنێ)، تورکمانەکە وتی:بەبەم تەقەی مەکە بەشەوێ.

* کابرایەک بەرێگادا دەرۆیشت، ترێکی کرد وتی: هیچ نییە بەهارە، تۆزێکی تر رۆیشت ترێکی تری کرد، دیسان ووتی: هیچ نییە بەهارە، تۆزێکی تر رۆیشت دیسان تری کرد، ووتی: هیچ نییە بەهارە، ئاوڕی پشتخۆی داوە، سەیری کرد کەسێک لە دوایدا دەڕوات، وتی: ئەرێ کاکە گیان تۆ لە کەیەوە بە دوای مندا دەرۆی.. کابراش وتی: قوربان ئەوە بەهارە بێتەوە چوارەم بەهارە بە دوای تۆدا دەرۆم..

## خۆت مەشغوڵ بکە.. بەڵام دوای دەوام

گا: ئوستاز رفعەت




**دووبێ لە رووتان بە پانی/**

١-خواردنێکی زستانەیە، لە سەر عارەبانەیە – ئیبراهیم بە موختەسەری.

٢- (لۆر) بە سەرو گوێلاکی یەکەوە – بیلامەعنا ساحێب ماڵ لە میوانی دەکات .

٣- لە حەژمەتا بە (حەکیم)ناو دەڵێن – پ - -قل (دنک) .

٤- (هەش) بەسەرو ملی یەکدا – بێ بەختەکان نیيانە –پ - .

٥- لە حیسابی خۆمانە لێی گەرێ .

٦- ژمارەیەکە کتومت یەکە .

٧- تەمبەڵ.

٨- (ژێری ژێرەوە) –پ- .

٩- حەرفێکی ئینگلیزەکانە.

**بیلامانێ بە درێژی /**

١-عەیب نەبێ عەکسی (توند) لە موناسەباتی خۆشدا ئەی تەوزیعێن.

٢- غاردە لە هەولێر –پ- گاورەکان دەیپەرستن.

٣- گۆرانی بێژێکە ناوەکەی نەرمە بیلامەعنا سپیشە.

٤- ئەمەشیان عایدی خۆمانە قەیناکە.

٥- پشکنینی عەرەب.

٦- لە (هەڵۆ)دا بیدۆزەرەوە بۆ خۆت

٧- چێشتێکی خۆشە، بە دڵی من و تۆشە+ یەک دانە پیت.

٨- شفتی لە کەرکووک –پ- عەینەن وەکو یەکن.

٩- بۆخۆت لە (ئارەزوو)دا تاقیبی بکە – دەخرێت بە رۆن بە کولاوی، خۆت بیلێ نایهێنم ناوی.




حلی ژمارەی پێشوو
بۆ (کاوە کامل خورشید) دەرچوو

## ئەم دیو و ئەو دیو

ڕێبوار هەورامی

لەوەتای دنیا دنیایە هەموو شتێک دوو دیوی هەیە و خەڵکیش بە گوێرەی مەسلەحەتی خۆی کام دیویان بۆی باش بێت ئەوەیان ئەسوڕێنێ . هەر لە منداڵیەوە فێری دوو دیوی پارە بووین، شێرو خەت، هەر کامێکیانمان ویستبێت حەزمان کردووە ئەوەیان بێت ..

کە گەورەش بووین تەنها پارەکە گۆڕاو بووە شتی تر، ئەگینا دیوەکان هەر وەک خۆیانن . بەدیوێکدا قسەی زل و پر لە مانا لە ڕۆژنامەکانا ئەنووسین و خۆمان کردووە بە دەمراستی خەڵکی و بە دیوێکی تردا خۆشمان لە زۆرکەس موخالف ترین .. بەدیوێکدا دەسەڵات شەووڕۆژ خەریکی نەهێشتنی ناعەدالەتییە، کەچی بەدیوەکەی تردا هەنێ جار بە حوکمی زەرورەت ئەیکات ..

ئۆپۆزسیۆن بە دیوێکا شەڕی گەندەڵی دەکات، بە دیوەکەی تردا خۆیشی ئەندامی کارایەتی .. بەدیوێکدا بەرگری لە مافی ژن و ئافرەت و کچ دەکات، بە دیوەکەی تردا لەبەر ناموس هیچ حسابێکیان بۆ ناکات .. بە دیوێکدا وەزارەت باسی دەستگرتن بە ئاوو کارەباوە دەکات، بە دیوەکەی تردا خۆی بۆ تایبەتیەکانی رادەکێشێ!

بەدیوێکا ئەمریکاو ئەوروپا سنگ بۆ مافی مرۆڤی نەگبەت دەکوتن و بە دیوەکەی تردا تەنها مافی مەسلەحەت دەبینن .. بەدیوێکا باس هەر باسی ئازادی رادەربرینە، بەدیوەکەی تردا ئەگەر بەدڵی نەبێت ئەیکاتە موشاغەبە ..

بە دیوێکا حکومەتەکەی مالکی لە کورد زیاتر باسی مافخورانی کوردستان دەکات، بە دیوەکەی تردا هەر خۆی قووتی ئەدات .. بە دیوێکدا باسی سلم و ئاشتی ئیمان و دین ئەکەن، بە دیوەکەی تردا حەربی قەتڵوعام بەرپادەکەن، بە دیوێکدا هەر مەدح و سەنات دەکات و هەر تۆی پێ باشە، بە دیوەکەی تردا لای ئەو بەس تۆ تاوانباریت !

بەعزێکش فێر بوون بۆ چارەسەری نەخۆشی لەم دیو دەچنە ئەو دیو هەنێکیش بە عەکسەوە لەو دیو دێنە ئەم دیو .. ڕۆژانەش لەودیوەوە شتی ئێکسپایەر دێنن و لەم دیو یا ساغی ئەکەنەوە یان تاقیی ئەکەنەوە ...

پەردەش وەک پارە دوو دیوی هەیە، هەیە لەم دیو پەردەکەوە ڕوویەکی هەیەو دەوریک دەگێڕێت، بەڵام هەر کە چووەوە ئەو دیوی پەردەکە حاشا لە خۆی ئەکات ...

دەی ئێستا من نازانم شێرم ئەوێ یان خەت؟ چونکە نازانم بەرامبەرەکەم کامیانی پێباشە لەم دوو ڕووە !!

## بەزمی ڕۆژ

کاریکاتێر: پەروەر




## دیمانەی گەپ

(جانتا)

فەرهاد فرە ڕێس

گەپ/تۆ کێیت و ناوت چییە؟

جانتا/ من جانتای کوڕی قاسەی کوڕی مەغزەنم

گەپ/چەند جۆرت هەیە؟

جانتا/ هی دەست و هی شان و هی سەفەرو هی نەفەر

گەپ/کام نەوعەیان زۆر موهیمە؟

جانتا/دەستی و سەفەری یەک لەیەک موهیمترن .

گەپ/ جانتای دەست بۆچی موهیمە؟

جانتا/چونکە بە بەتاڵی دەچێ بۆ دەوام و بە شەددەی پارەوە دێتەوە.

گەپ/ئەی سەفەرییەکەیان چی؟

جانتا/ئەویش بە سەفتە دۆلارەوە دەچێ بۆ سەفەرو بە سکی خاڵی دێتەوە.

گەپ/ئەم دوو جۆرە لای چ خواپێداوێکن؟

جانتا/هەردوکیان لای مەسئوولین.

گەپ/ جەنابت کام نەوعەیانی؟

جانتا/من جانتای شانم

گەپ/تۆش ورگت زۆر ئاوساوە، ناشێ هەموی پارەبێ؟

جانتا/ پارەی چی؟ حەفتا کتێب لە ورگمدایە.

گەپ/بۆچی تۆ لەشانی کێدای؟

جانتا/ لەشانی قوتابی یەک و دووی بنەڕەتیدام!!






Basam rasam

باسم رەسام

هەولێر